www.kurdistannet.org
4-10-2006 21:35 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەڵک لە عیادەی دکتۆرەکان نارازین. ... راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

Shamzini 79@hotmail. com

عیادەی دكتۆرەكان لەو شتانەن كە خەڵك لێی نارازییە و گلەییەكی زۆریان لێی هەیە، چەندان جار ئەم كێشەیە خراوەتەڕوو، خەڵكیش نیگەرانی خۆیان نیشانداوە بەڵام ئەم حاڵەتە نەك هەوڵی چاكسازیكردنی بۆ نەدراوە بەڵكو ئەم كێشەیە هەربەردەوامە و عیادەكان زیاتر كاول بوون و لەبی خزمەتیدا پێشوازیی لە نەخۆشەكان دەكەن، خۆئەگەریش مرۆڤ چاوێك بەشوێن و جێگای عیادەكاندا بگێڕی ئەوە نەك هەر لەشوێنی پشكنینی نەخۆش ناچێت بەڵكو لەسەربازگە یان لە بەندینخانە دەچێت، یان ئەگەر لەئاستی پاكوخاوێنی بڕوانین ئەوە سەد ژمارە لەژێر سفرەوەیەو خودی عیادەكان خۆیان لانەی ڤایرۆس و میكرۆبن.

هاوڵاتیان هەریەكەو بەشێوە و جۆرێك لە كێشەی عیادەكان دەڕوانن و سلبیاتەكانی دەخەنەڕوو.

ئەكرەم حاجی سەعید وتی: شوێنی ئەم عیادانە زۆر خراپە و بەكەڵكی ئەوە نایەت بكرێتە شوێنی بینینی نەخۆش، زۆربەی عیادەكانی شاری سلێمانی لەجادەی ئۆرزدیە، خۆشتان دەزانن ئەم شەقامە قەڵەباڵغترین شەقامی شارەكەیەو لە سەعاتێكدا دەهەزار ئوتومبیلی پێدا تێدەپەڕێت و هەمووشیان لەو ئیزدحامانەدا هۆڕین لێدەدەن و دەبێتە ژاوەژاوێكی زۆرو دەنگە دەنگ دێتە هۆڵی چاوەڕوانی عیادەكانەوە و نەخۆش بەتەواوی بێزار دەبێت پێی و كاریگەریی خراپ دەكاتەسەر بارودۆخی دەروونیان.

ئارەزوو كەریم- كە لەگەڵ دایكی هاتبۆوە عیادەی دكتۆرێك وتی: ئەم عیادانە هیچ مواسەفاتێكیان تێدا نییەو تەنیا پارە پەیداكردنی هەندی دكتۆرەو هیچی تر، من ئێستا لەگەڵ دایكمدا كە نەخۆشی دڵی هەیە هاتوومەتە ئەم عیادەیەی دكتۆر (......) ژمارەی بلیتی دایكم (49) یە، باشە دەبی چ دكتۆری لە دنیادا هەبی رۆژانە 60-70 نەخۆش ببینێت، بەتایبەتی بۆ نەخۆشییەكی ترسناكی وەك نەخۆشی دڵ.

من گلەییەكی زۆرم لە دكتۆرەكان هەیە كە ئەم پیشە پیرۆزەیان كردۆتە پارەپەیداكردن و بازرگانی و داوایان لێدەكەم كە نەخۆشی كەم ببینن و كاتی زۆر دابین بكەن بۆ پشكنینی نەخۆشەكان چونكە هەندی نەخۆشی هەیە كاتێكی زۆری دەوێت بۆ تەشخیس كردنی.

زۆرێك لە هاوڵاتیان باسیان لەوەكرد جێگەی عیادەكان بەرتەنگەو لەلایەكی ترەوە شوێنەكانیان گونجاو نییەو نەخۆش زەحمەتی زۆری پێوە دەكێشی، بۆیە داوایان كرد كە عیادەی هاوچەرخ دروست بكرێت بەپێی مواسەفاتی بەرزو نوی، هەروەها باسیان لەوەش كرد زۆربەی عیادەكان لە نهۆمی دووەم و سێهەمی بیناكانن بۆیە ئەمەش نارەحەتییەكی ترە بۆ نەخۆش و لەلایەكی تریشەوە هەموویان لەیەك جێگەدان لە كاتێكدا دەبوو بەسەر تەواوی شاردا دابەش بوونایە.

بەهێز جەمال- وتی: بەلای منەوە جێگەی ئەم عیادانە زۆر نارەحەت و بەرتەنگە و ئەم شوێنانە بە هیچ شێوەیەك بە كەڵكی عیادەی پزیشكی نایەت، هەموو عیادەكان لە شوێنی بەرزو قاتی دووەم و سێهەمدان و دەبی بەقادرمە بۆی سەركەوی ئەمەش نارەحەتی زۆر بۆ نەخۆش دروست دەكات، باوكم تەمەنی 60 ساڵ زیاترەو سی جار جەڵتە لێیداوە ئێستا دەبی 50 پلیكانە ببڕی تا دەگاتە لای دكتۆر ئەمەش ئەوەندەی تر تەندروستی تێك دەدات، بەڵام ئەگەر عیادەكە لەشوێنێكی نزم و نهۆمی یەكەمدا بێت نەخۆش هیچ عەزیەتێك ناكێشێت و بەئاسانی دەتوانی بچێتەلای پزیشك، بێجگە لەوەش زۆربەی عیادەكان لەم خانووە كۆن و بی كەڵكانەدان كە ئێستا بەكەڵكی ژیانی ئاژەڵیش نایەت چجای عیادە

بۆیە پێویستە لەمەودوا بیر لەدروست کردنی عیادەی هاوچەرخ بکرێتەوە تا خەڵك بتوانن لێی موستەفیدبن.
چۆپی حەسەن- وتی: بەخوا ئەم شوێنانە و عیادەیان نەوتووە، من هاتووم بۆلای دکتۆر (... ) بەڵام هۆڵی ئەوەی دەبێت تیایدا چاوەڕوان بکەیت پڕە لە خەڵك زیاد لەنیوسەعات بەپێوە وەستاوم چوومە ئەو لاوە فەڕاشی ئەو عیادەیە دەریکردم و وتی بڕۆ لەبەردەم عیادەی دکتۆرەکەی خۆت بوەستە، ئالەم شوێنە بچوکەدا شەش حەوت عیادەو شتی وای لێیە، حەقی خۆیەتی دکتۆرەکان بیر لەوەش بکەنەوە ئەو کەسەی دێتە سەردانیان نەخۆشە بۆیە پێویستە شوێنەکەیان شایستە بن بە نەخۆش و هەموو کەسێك.
خەڵکانێکی زۆر ناڕەزاییان لەنرخی پسوولەی عیادەکان هەبوو، پێیان وایە ئەمە ئیستیغلال کردنی زروفیناهەمواری هاوڵاتیانە، هەروەها لەوە دوان سەرەڕای ئەوەی نرخی عیادەکان گرانە بەڵام خزمەت کەمەو دکتۆرەکان رۆژانە ئەوەندە نەخۆش دەبینن کە ناتوانن پشکنینی پێویست بکەن بۆیە بەلای هاوڵاتیانەوە نرخی عیادەکان زۆرەو لەچاو ئەو پشکنینەدا نییە کە پزیشك بۆیان دەکات.
هاوار نوری- وتی: نرخی عیادەکات زۆرگرانە، بەڕاستی دکتۆرەکان لەمەدا زۆر بی ویژدانن و ڕەچاوی باری گوزەرانی خەڵك ناکەن، ئەوەتا من 10 هەزار دینارم داوە کەچی دکتۆر بەدوو دەقیقە هەموو شتێکی تەواوکرد، دەڵێم کە من 10 هەزار دینار دەدەم با ئەو هیچ نەبی 10 دەقیقە تەحەمول بکات و بەوردی لەنەخۆشییەکەم بکۆڵێتەوە، ناکری عیادە بەمجۆرە بی، ئیتر توخوا بابەس بێت تاکەی ئەم بی دەربەستییە کە بینیمان لەچەندان ساڵی ڕابردوودا چەندە ئاکامەکەی خراپ بووە.
ڕووناك محەمەد –وتی: بەڕاستی عیادەکان پارەکەی زۆرەو خەڵك تەحەمولی ناکات، چوومە لای دکتۆر (.... ) هەڵامەتم هەیە و هەست دەکەم جیوبم هەیە سەرەڕای ئەوەی 10 هەزار دینارم داوە بەپسولە کەچی فەحسی گوێی بۆ نووسیووم 10 هەزاری ترم داوە، فەحسی خوێن و چەند فەحسێکی تری بۆ نووسیوم ئەویش 15 هەزار ئەمە دەکاتە 35 هەزار، ئینجا دکتۆر دەڵی بە 45 هەزاری تر لووتت بۆ پاکدەکەمەوە کەواتە هەمووی دەکاتە 80 هەزار دینار لەکاتێکدا من مووچەکەم 162 هەزار دینارە، جار هەربەشی ئەوە دەکات دووجار بێمە عیادە و پارەکە تەواو، داوا لە حکومەتی هەرێم و دکتۆر محەمەد خۆشناو دەکەین هەندێك نرخ هەرزان بکەن و داواش لە دکتۆرەکان دەکەین فەحسی زیادەمان بۆ مەنووسن چونکە بەڕاستی زۆر قورسە لەسەر شانمان.
پێشڕەو خەلیل – وتی: نرخی عیادە زۆر گرانە و زەخت لە گیرفانی خەڵك دەکات، بەداخیشەوە دکتۆرەکان یەکەم کەس بوون کە شتیان گران کرد لەکاتێکدا دەبوایە ئەوان دواکەس بوونایە، من داوا لە دکتۆرەکان ناکەم نرخی عیادەکانیان هەزران بکەن چونکە گوێم لێناگرن بەڵکو داوایان لێدەکەم کە لەمە زیاتر نرخ گران نەکەن با هەروەك خۆی بمێنێتەوە ئەگەرنا خەڵك ناتوانی چارەسەری خۆی بکات.
هەموو ئەو کەسانەی لەمیانەی بەدوادا چوونەکەمدا دواندمن گلەیی و گازندەیان لە دکتۆرەکان و عیادەکانیان هەبوو، دواتر ناچاربووم پرسیاری ئەوە لەخەڵك بکەم داواتان چییەو دەخوازن عیادەکان چۆن بن لەمەودوا و چ داواکارییەکتان هەیە لەسەندیکای پزیشکان و وەزارەتی تەندروستی؟
جوان ساڵح وتی: داوا لە وەزارەتی تەندروستی دەکەین سنورێك بۆ نرخی عیادەکان دابنێن لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەو دەزگایەکی چاودێریی هەبێت بۆ بەدوادا چوونی باروشێوەی خزمەتی عیادەکان، عیادەکەی دکتۆر (... ) بۆنی تەوالێتەکەی بەردەوام دێتە دەری و نەخۆشەکان تەواو ئیزعاج و هەراسان بوون، عیادە کەی وادەبێت؟ بەبی درۆ خوشکەکەم کە چۆیە تەوالێتەکەوە بەبۆگەنەکەی ڕشایەوە؟
بەدریە مەعروف وتی: داوامان ئەوەیە نرخەکە هەزران بێت چونکە فەقیر و هەژار توانایان نییە و کەم دەتوانن بێنە عیادە، بۆیە کەدێن دەبی زۆر لەخۆیان بکەن.

كاروان فەتاح وتی: داوای من ئەوەیە ئەم عیادانە نەمێنن و عیادەی نوی و هاوچەرخ دروست بكرێت و نرخەكەشی ڕەمزی بێت و پێویستە دكتۆرەكانیش تۆزێك لەخۆ بوردووبن، دنیا ئەوە ناهێنێت و پێویستیشە لەسەر شانیان یارمەتی نەخۆش بدەن و نرخی عیادەكانیان هەرزان بكەن یان هیچ نەبی بەشێوەیەك بێت كە هەموو كەس بەئاسانی بتوانێت سەردانی دكتۆر بكات.

كۆی هاووڵاتیان لەوەدا هاوڕبوون كە نرخی پسوولەی عیادەكان نرخێكی زۆرو گرانەو هاوكات جێگەو شوێنی عیادەكان گونجاو نییەو جگە لەمانەش دروستكردنی عیادەی هاوچەرخ لەسەر ستانداری جیهانی و خۆرئاوایی ئەركێكی هەنووكەییە و داخوازییەكی سەرەكی جەماوەری خەڵكە.

چاوەڕوانی وەزارەتی تەندروستی حكومەتی یەكگرتووی هەرێمی كوردستان دەكەین كە هەنگاو لەمبارەیەوە بنێت و بەدەنگ ئەم داخوازییەی خەڵكەوە بێت و هاوكاریان بێت.